# ئاواتە قاقەزینەکان

نووسەر: ئەلی ئەشرەفی دەروێشیان
وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

کوتە مەقەبباێیکم بە قەدەر مزابیکێ بۆ حەوشەی خانووەکەم بەس بوو. چەن پەڕە قاقەزی ڕەنگی،سەوز بۆ تەختایی باخچەکەم و دار ودرەختان . زەرەد بۆ نما و دیوی دەرەوەی بینا و خانووەکە. شین بۆ ئاوی حەوزەکە و جێی دەس و پل شۆردنەکەی. قاوەیی بۆ شیروانی،سوور و سورەتی بۆ ماسییەکانی نێو حەوز و گوڵەکانی باخچە. برێک سرێش و چەن چوڵکەشقارتەش بۆ پەیژەکان. تەنانەت پلووسکیشم بۆ دروس دەکرد و جوان جوانێ ئەملکاند بە نمای بیناکەوە. سەرێکی پلووسکەکە ئەلکا بە ژێر شیروانییەکەوە و دەهات هەتا دەگەیشتە نێو حەوشە. حسێبی هەموو شتێکم دەکرد. ئانتێنی سەربان و لوولە سۆبەی سەر شیروانیش کە تۆزێ دوودە و قورمم ئەسووی بە سەرەکەیدا هەتا زۆر ئاسایی بنوێنێ.
دایکم کە بیناکەی دەدەی،ڕوخساری ئەگەشایەوە و دەم بە پێکەنین ئەیوت: "بە خوا کوڕم ئەبی بە ئەندازیار.زۆر جوانت چێ کردووە!"
داپیرەشم ئەیوت: "هەزار ماشەڵڵا. چاوم بە ژێر پێت. چاوم بە ژێر پێت.بەڵام لە سووچێکی حەوشەوە تەنافێکی گەرەکە هەتا من جل و بەرگەکانم بدەم بە دارا ". هێمای بە دایکم دەکرد: بچۆ تۆزێ ئەسپەنی بۆ بووستێنە. هەم بە دەوری سەریدا و هەمیش بە دەوری بینا و خانووەکەیدا. ئەم ڕۆژانە چاوی پیس و چڵکن فرەن".
دایکم گورجێ ئەچوو و ئەسپەنی بۆ ئەسووتاندم. ڕۆژانی پێنج شەممان،سێیەم کاتژمێر،وانەی کاردەستیمان هەبوو. هەر کامە لە مناڵان شتێکیان دروس دەکرد؛ مزراق، شمشێری دارین،قاپی وێنە،حەسیری چنراو بە قاقەزی ڕەنگی. پشتێنی بەنین،قاڵیچەی چکۆڵە،جامی تێڕوانین،شارەفەرەنگ و قوتوولەی شەش سووچ.
ڕۆژێ غوڵام ڕەزا یەک لە هاوپۆلەکانم کە کوڕەتیوویێکی چەتوون و لاسار بوو، بە کاردەستییەکەی، پۆلەکەمان و قوتابخانەکەی تێک شێواند. دوو دانە ڕسقی بەستبوو بە داشقەێیکی چکۆڵەی دارینەوە. کاتێ مامۆستای وانەی (دەرزی) کاردەستی پێی وت کاردەستییەکەی پیشان بدات،غوڵام ڕەزا لە پڕێک ڕسقەکانی بە داشقەکەی شوێنیان،نایە سەر مێزی مامۆستا. مناڵان هەرکە دوو ڕسقەکەیان دی،دەسیان کرد بە هات و هاوار و قیژ و قاژ و قرم و قاڵێکیان خستە ڕێ. ڕسقەکان لە حاڵێکدا داشقەکەیان بە شوێن خۆدا کێش دەکرد،بەسەر مێزەکەوە بەر بوونەوە و بەرەو دەرکەی پۆلەکە چوون. مناڵانی پۆلەکانی دی بە بیستنی دەنگی هەرا و قاڵی مناڵان، دەرپەڕین و نەزم و تەکووزی قوتابخانە تەواو تێک شێوا. ئەوەندەی نەمابوو غوڵام ڕەزا لەبەر

کاردەستییەکەی،لە قوتابخانە دەر بکرێ. ڕۆژانی کاردەستی،چووزانی چەندە لام خۆش بوون. گەلێ بەو ڕۆژانە شاد و خۆشحاڵ بووم. خانوو وبینا مەقەبباییەکەم بە کتێب و قەڵەم و تێنووسەکانم،ئەدایە بن باڵم. بە کووچە و گەڕەکەکەماندا کە تێدەپەڕیم،دوکاندارەکان، لە دوکان وەدەر دەکەوتن:"سەیرکە! دیسان خانووی چێ کردووە. جوانتر لە جارەکەی پێشوو!"

"ئەی هوو دە خانووی قاقەزین، بە کەڵکی چی دێ؟"

"وادیارە مامە هاشم ئاگات لە دونیا نییە. منالانی دەرەکی هەر ئەم جۆرە شتانە دروس دەکەن و دەبنە داهێنەر لە دونیادا. پاشانیش دەیانفرۆشن بە ئێمە".

"کورە مێژە،ئەوە لە ڕاستە؟!"

"ئەرێ برا، ئەی درۆم چییە! دیارە لە ڕاسمە. لە نێو گۆڤاراندا نووسراوە هەر لە هەمان سەردەمی منداڵییەوە ترۆمبیل و خانووبەرە و فڕۆکە بە قاقەز چێ دەکەن. ئەرێ گیانە. لە نێو قوتابخانەدا ئەوە کار و کردەیانە. خۆ وەک ئێمە نین هەر بە مەشق نووسین و قاقەز ڕەش کردنەوە خەریک بن."

" ئاخر برا ئەوان دەرەکین و وڵاتەکەیان خودانی هەیە. ئەی بێژە ئێمە چ کارەین؟"

"ئەرێ.ئەم کوڕەش بینایێکی جوانی ساز کردووە.ڕەنگە نمرەی چاکی بدەنێ."

"خۆ بە نمرەی ڕووت و قوت،کوڕی باوکم کەس زاری شیرین نابێت."

" لێیگەڕێ دڵی بەمە خۆشە. چاو چلۆن بەستەزمانە وەک هەسپی دوای داشقە هەڵدێ!"

وەکو هەسپی دوای داشقان هەڵدەهاتم. دەگەیشتمە قوتابخانە. نمرەی بیستم وەردەگرت.

* * *

نیگابان کونی(زارکی) سەر قاوشەکە لا ئەدا. چاو ئەبڕێتە نێو قاوشەکە. دەس ئەکا بە جنێودان.

"بۆچی بە پێوە وەستاوی؟ لەو سووچی دیوارەوە دانیشە. گەر بێ تاقەتی زنجیر و کۆتی ،هەتا لە دەستی بکەم".

ئەچم لە سووچی دیوارەوە دائەنیشم. دەس ئەدەمە بەر چۆکان. سەرم بەسەر زەنگۆڵمدا شۆڕ ئەکەمەوە. چاو لێک ئەنێم. نامەوێ لە پشتەوە کۆتم لەدەس بکرێ.

مرۆ لە نێو قاوشدا بە دەسبەن و کۆتەوە تەواو ئەکەوێتە زەحمەت و تەنگانەوە. گەر شوێنێکی وەخوران بکەوێ،پێت ناکرێ بیخورێنی. ناتوانی بە دوگمەێیک، لەتە گەچێ یاخۆ لکێ، بکەیتەوە. شان و ملت دێشێ و هەتا سەر قامکت دەچێ و ئەیداتە ناوشان و پشتت.

نیگابانەکان دەگۆڕدرێن . نیگابانێ،کونی قاوشەکەم لێ دەکاتەوە: " بۆ ئاودەس، دەخێراکە!"

هەڵدەستمەوە و گورجێ خۆ دەگەیینمە سەر ئاودەس. لە کونی ئاودەسەکەوە،سووچێ لە ئاسمانی شینم لێوە دیارە و نەخشی ئەخەمە زەینمەوە هەتا لە نێو قاوشەکەدا وەبیری بێنمەوە. نەوەک دڵم لە تەنیاییدا مەراق بکات،بڵا شتێکم هەبێ گرێم بدات بە

ئازادییەوە. لە تەنیشت ئاودەسەکەوە،چەن پاکەتی بەتاڵی حەب و چەن کوتە مەقەببایێکی تایت کەوتووە. پەنامەکی هەڵیاندەگرم و دوور لە چاوی نیگابان لە نێو باخەڵی کراسەکەمدا ئەیانشارمەوە. بەلووعەکە بەر ئەدەم. چۆڕەی ئاو،ڕۆحیەتم بەحرێ ئەگۆڕێ. پێ و پل و دەم و چاوم ئەشۆرم. مشتێ ئاو ئەخۆم.دڵۆپە ئاوی لا لێو و سەر سمێڵم هەڵئەمژم.نیگابان سەر ئەکێشێتە نێو ئاودەسەکە: "زووکە! دەی. بۆ قاوشەکەت!" بە سووچی کراسەکەم،دەم و چاوم ئەسڕم. ئەگەڕێمەوە نێو قاوشەکەم. لە شوێنێکەوە دائەنیشم. پاڵ ئەدەم بە دیوارەوە و ڕائەکشێم و دوور دوور ئەگەڕێمەوە نێو بیرەوەرییەکانی ڕابوردووم. یادەوەرییەکانی سەردەمانی مناڵی. یاری و گەمە،دارکاری کران،کاردەستی،ڕسقەکانی غوڵام ڕەزا. گەر ئەو بیرەوەرییانەم لا نەبن، لە زینداندا دڵم ئەتۆقێ.

""چاو چلۆن ئێژی هەسپی دوای داشقەیە هەڵدێ!"

"دەیان بینا و خانووی چێ کردووە. چەندە دەرکە و دەلاقەیێکی جوانی بۆ ساز کردووە !"

"تەنافێکیش لە سووچێکی حەوشەوە بۆم هەڵخە(بگرەوە) با جل و بەرگەکانمی پیا بدەم".

ئارام و هێواشێ هەڵدەستمەوە. لە کونی ئاسنینی قاوشەکەوە،چاو لە نێو هۆڵ(دالان)ەکە ئەکەم. نیگابان دەگەڵ کلیل دارەکەی بەر دەرکە،سەرقاڵی قسە و گاڵتە و سوحبەتە.ئەگەڕێمەوە. مزاییکێکی قاوشەکەم بۆ زەوی خانووەکەم دەس نیشان ئەکەم. دەبێ خانووێیکی گەورە دروس بکەم. پان و بەرین.مزاییکێ لە پشتەوەی زارکی کونە ئاسنینەکەی قاوشەکەوەیە و نیگابان ناتوانێ لە کونەکەوە هیچ ببینێ. گەر دەرکەش بکاتەوە،مزاییکەکە نابینرێ. ئەو لەتە گەچەی لە گیرفانمدا شاردومەتەوە،دەری دێنم. زەوییەکە دابەش دەکەم. لێرەوە یاریگەیێکی گەورە. یاریگەیێکی سەت هەزارکەسی. نا ئەمە بچوکە. دووسەت هەزار کەسی باشترە. بۆ تەواوی مناڵانی هاوشاریم، ئیدی با ناچار نەبن بە تاڵ و وەتاڵ بە کووچە و کۆڵاناندا بسووڕێنەوە و بکەونە داو و بۆسەی کاسبکارانی مادەهۆشبەرەکانەوە. ئەمەش باخی گشتی بۆ مناڵان. خلیسکان،جۆلانە، چەرخ و فەڵەک،شەمەندەفەر.گەمیەوانی و مەلەوانگە،بەڵام خۆ بە زگی برسی ناکرێ بچی بۆ یاریگە و باخی گشتی. دەی ئا لێرەشەوە کارگەیێکی مەزن دروس دەکەم هەتا باوکیان بێکار نەبن. کورە خۆ خەریک بوو کتێبخانەم لە بیر بچێ. ئا ئەمەش کتێبخانە. کتێبخانەیێک گەورەتر لە کتێبخانەکەی ناوەندی زانکۆی تاران. بە هەمە جۆر کتێبەوە.بە ملوێنێ کتێب. هەر کتێبێ کە بتەوێ. لە هەر نووسەرێک کە حەزت لە کتێبەکەی بێت. بەڵام خۆ کتێبخانە بێ هۆڵی لێدوان و ئاخاوتن نابێ. ئا ئەمەش هۆڵی لێدوان و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی کتێبان. بانگەوازی هەموو نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕەکانیش دەکەین بێن و پێکەوە بکەونە گفت و گۆ و وەرامی پرسیاران،بدەنەوە. نووسەران بەشێکی بەرهەمەنوێیەکانی خۆ بخوێننەوە. شێعری خۆ پێشکەش بکەن و مناڵانیش، ڕای خۆ دەربڕن. پێکەوە باس و خواس بکەن. ئا لەم سووچەشەوە هۆڵێک بۆ

پۆلی مۆسیقا چێ دەکەم. خۆ مرۆ بێ مۆسیقا هەڵناکا(ناژی). منالان دێن و فێرە مۆسیقا دەبن. هۆڵی تیاتریش. خۆ خەریک بوو لە بیری بکەم. مرۆڤ لە هیچ شوێنێ وەک هۆڵی تیاتر ئازاد و سەربەست نییە. دەی ئا ئەمەش بۆ هۆڵی شانۆ. سینەما! ئەی سینەما لە کوێوە دروس بکەم! فیلمی هونەرمەندانە و شاز،نوێ و بە ناوڕۆکی بان.دەبێ ورووژێنەری هەست و نەستی لاوان بێت و باریان بێنێ،ئیدی ئەودەم دووی فیلمی هیچ و پووچ و بەرەڵایی و بێ ناوەڕۆک ناکەون و ئەزانن جیاوازی و تۆفیری نێوان فیلمی چاک و هونەری و بازاڕی لە چیدایە. بانگهێشتی ئەکتەر و دەرهێنەرەکانیان دەکەم بێن و لەسەر بەرهەمەکانیان بکەونە قسە و باس. دەی ئیتر چیترمان کەمە؟ ئا وەبیرم هاتەوە فیلمی منالان لە تەواوی دونیاوە و بۆ هەموو زارۆکانی ئێران. هۆڵێکیش ساز دەکەم بۆ بارهێنانی دەرهێنەری سینەما و تیاتر. دەبێ وریا بم هیچم لە بیر نەچێ. بۆ نموونە پۆلی وێنەکێشی و هونەرەکانی نواندن. ئێمە لە ئاست بەرەکانی داهاتوو بەرپرسین. گەر کەمتەرخەم بین،دوارۆژ(دواتر) بە خراپە یادمان لێوە دەکەن. وەبەر نەفرەتمان دەدەن. بە خاینمان نێو دەبەن. ئەڵێن کابرا هات کۆبینا و سەنتەرێکی هونەری_وەرزشی بۆ منالانی شارەکەی چێ بکات،سەت ئەوەندەی بەسەرەوە خوارد و بەرێیی کرد بۆ حسێبەکانی لە دەرێی وڵات و منالانی  خەڵکی بەردایە نێو کووچە و کۆڵانان هەتا وەدوای هێرۆیین فرۆش و قاچاخچییەکان بکەون. هۆڵی وەرزشی دەبێ دواکەرەستەکانی وەرزشی تیا بێت. بۆ هەمووان بە یەکسان. بۆ گش منالانی کوڕ و کچ. کورە خۆ هۆڵی شەترەنجیشی دەوێ، خەریک بوو لە یادی بکەم. ئا لێرەوەش بۆ هۆڵی شەترەنج. هۆڵێکی مەزنیش بۆ جێی کۆڕە چیرۆک،شێعرخوێندنەوە،لێدوان،گفت و گۆ و دیالۆگ. هاتن بۆ هەموانیش بێت. بەهەر بیر و هزرێیک. هاتن بۆ گش هۆگران ئازاد بێت. ئاخ! ئاخ! ئەرێ بۆ ئەوەندە فەرامۆش کارم. هۆڵێکی جوان و مۆدێرن بۆ هەڵپەڕکێی خۆجێی،هەڵپەڕکێی کوردی،تورکی،گیلەکی،مازیندەرانی. ئەرێ لە ڕاستی هەڵپەڕکێی کوردیم، لە بیر نەکردبێت(نەچووبێتەوە). وا چاکە تاقی بکەمەوە. بە ئاهەنگی بەرزی بەرزی.

بەرزی بەرزی بەرزی    شەمامە و سەری تەرزی

ئا بەم جۆرە دەبێ هەڵپەڕی. قاچێکت لە پێشەوە و قاچەکەی دیت...

لە پەستا دەرکەی قاوش دەکرێتەوە. دڵم دادەخورپێ. لەسەر جێی خۆ ویشک دەبم. جووتێ پوتینی ڕەشی بۆیاخدراو،ڕاس لە بەردەمی خانووەکەم، چاوی لێ زیت کردوومەتەوە. یەکیان هەڵدێنێ و توندێ ئەکوتێ بەسەر سینگمدا. ئەمکوتێ بە قەد دیوارەکەدا. پوتینەکان چی ئاواتمە، تێکی دەدەن و نەخشەکەم لێ دەشێوێنن. کوتە قاقەز و مەقەبباکە،هەر یەکە و بە گۆشەیێکدا فڕێ دەدرێن:"تۆ زۆر بێجات کرد لەسەر زەوی نەخشە بکێشی!"

"دەئاخر...من...دەمەویست..."

خەوەر دەگاتە گوێچکەی لێپرسی زیندان. بە پەلە خۆ دەگەیێنێتە بەر کونی قاوشەکە. دەس دەکا بە جنێودان:" ئەم کارانە هەر دەبێ ئێمە ئەنجامیان بدەین. قوڵنگەکەی دەبێ بەدەستی موبارەکی کاربەدەستانی باڵا، لێدرێ. هەی خوێڕی. خاین. وا ئەزانی هەر وا سووک و هاسان پێت بکرێ کۆبینائێیک چێ بکەی! بێ ئەوەی لە فلان کاربەدەستی باڵا بپرسییەوە."

چاو ئەبڕێتە مزاییکەکە و وەکو بێژی شتێکی گرینگی دۆزیبێتەوە، ئەقیرێنێ: " زیندان. ئەی زیندانەکەی کوا؟ کوا زیندانەکەی قوڕبەسەر."

بە نیگابانی زیندان دەستوور دەدا سەرم بنێمە سەر نەخشەکە و بۆخۆی بە لەقە دەکەوێتە گیانم.

ئاواتەقاقەزینەکانم خەڵتانی خوێن ئەبن.

ژێدەر : گۆڤاری مانگانەی "نەقد نەو"(ڕەخنەی نوێ)،ژمارەی 8، خەرمانان و ڕەزبەری 1384 هەتاوی

***********************************************************************

13 سەرماوەزی 2705 ی کوردی

تاران